# ئەلبوومی کەشکۆڵ




**محەممەدعەلی قەرەداغی؛ *"ئەلبوومی کەشکۆڵ"* ؛ بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠٠٨، ٣٥٢ لاپەڕە، کوردی**

ئەوە ناوی کتێبێکی سەرچاوەیی گرنگە مامۆستای زەحمەتکێش محەممەد عەلی قەرەداغی بڵاوی کردۆتەوە. ناوەرۆکی کتێبەکە بریتییە لە ناساندنی ١٥٠ کەشکۆڵی گەورە و بچووک یا قوڵاغی کەشکۆل، کە جگە لە یەکدوو دانە، هەموویان شیعری شاعیرانی کوردیان گرتۆتە بەر.

مامۆستا محەممەدعەلی کە پێشتر کاری لەسەر دەستنووس و کەشکۆڵی ناو "دارالمخطوطات" ی بەغدا – ناسراو بە دارالمخطوطات صدام کردووە و گەلێک کەشکۆڵی کۆنی دیکە کردووە، واهەیە یەک لە ساڵحترین کەسان بێت بۆ ناسین و ناساندن و ساغکردنەوە و شیکردنەوەی کەشکۆلی کوردی. لەم کتێبەدا کە بەگوێرەی ڕاگەیاندنی لاپەڕە ٣، بەرگی یەکەمە و هیوادارم بەرگی دیکەشی بە شوێندا بێت،

مامۆستا یەک یە دوو لاپەڕەی تەرخانی ناساندنی هەرکام لەو کەشکۆڵانە کردووە، ناوی پێکهێنەر، نووسەرەوە و ڕێکەوتی نووسینی هەرکامیانی لەگەڵ ناوی ئەو شاعیرانە ڕاگەیاندووە کە شیعریان لە کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون.

بۆ من کە ئەوینداری ئەو بەڵگەنامە بەنرخانەی مێژووی ئەدەبی گەلەکەمانم، ئەم کتێبە گەنجینەیەکە و بە ووردی بەهەموو لاپەڕەکانیدا چوومەتەوە. دیارە زۆرشت هەیە سەبارەت بە کتێبەکە بنووسرێت، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ئەم زنجیرە وتارە تەرخانی بۆکان کراوە، من لێرەدا ئەو کەشکۆلانە دەناسێنم کە لە پەیوەندی بۆکاندان یا ناوی شاعیرانی بۆکانییان تێدا هاتووە. هەندێکیش لە خەت لادەدەم و باسی ئەو دەستنووسانەش دەکەم کە لە ناوچەی موکریاندا بەگشتی نووسراون یا موکریان دەگرنەوە. سەرنج ڕاکێش دەوری شار و ناوچەی بانەیە لە پێک هێنان و نووسینی بەشێکی بەرچاو لەو کەشکۆلانەدا.

| ژمارەی کەشکۆڵەکان لە کتێبەکەدا | پێکهێنەر یا نووسەرەوەی | شیعری ئەم شاعیرانەی تێدایە |
|---|---|---|
| ٢ | موکری، ئەحمەدی شێخ لە "شنۆزەنگ" ی لاجان نووسراوەتەوە | ئەحمەدی کۆر |
| ١١ | مەلا بابەکر | ئەدەب، میرزافەتاحی قازی، |
| ١٢ | بنەماڵەی بەردەڕەشیی بانەیی | وەفایی، بەردەڕەشی بانەیی |
| ١٣ | بەردەڕەشی بانەیی | بابەتی مێژوویی بانە، وەفایی |
| ١٤ | حەمە بۆر | ملک الکلام، مەجدی، ئەدەب، میرزا فەتاحی قازی، ئەحمەدی کۆر |
| ١٥ | کەشکۆڵی محەممەد | باسی بلْباس |
| ٣٢ | کەشکۆڵی حاجی مەولوود | ئیبراهیم سابلاغی، چەند کەسی سەقزی |
| ٣٣ | کەشکۆڵی عەبدولقادر | مێژوویە: پیرۆت ئاغای مامەش، قەرەنی ئاغا، بانە |
| ٣٦ | کەشکۆڵی مەعرووف | لە سەقز نووسراوەتەوە |
| ٣٨ | کەشکۆڵی عەبدولفەتاح | ئەحمەدی کۆر |
| ٤٢ | کەشکۆڵی سۆرانیی | ئەحمەدی کۆر |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٤ | کەشکۆڵی عەبدولڕەحمان | ئەحمەدی کۆر |
| ٤٥ | کەشکۆڵی سێتا | ئەحمەدی کۆر، قادری سابڵاغی |
| ٤٦ | کەشکۆڵی محەممەدئەمینی خاکیی بەننا | ئەحمەدی کۆر، ئەشنەوی |
| ٤٨ | کەشکۆڵی مەلا ڕەسووڵی تۆربەیی | وەفایی |
| ٥١ | کەشکۆڵی محەممەدی کوڕی عەبدولقادر سیاگوێزی قزڵجی، بانەیی | |
| ٥٢ | کەشکۆڵی سیاگوێزی (شێخ مەعرووف) بڵێی لە قزڵجییەکان بێت؟ | |
| ٥٣ | کەشکۆڵی بیلال هێرۆیی | وەفایی |
| ٥٨ | کەشکۆڵی قادری سەڵەسیی | وەفایی، ئەحمەدی کۆر |
| ٥٩ | کەشکۆڵی ژمارە ٦ ی هاشمی | ئەحمەدی کۆر |
| ٦٣ | کەشکۆڵی مەلا فەتاحی گاگردەڵیی | وەفایی، سولەیمانی ساوجیی (؟) |
| ٦٤ | کەشکۆڵی گوڵزاری بەهار | ئەدەب |
| ٦٥ | کەشکۆڵی سیوچی | سەعید کوڕی عەبدوڵڵای موکری |
| ٦٦ | کەشکۆڵی شێخی حیسامەددین | محەممەد حەسەن کوڕی وەیسی عوسمانی |
| ٦٧ | کەشکۆڵی مەلا عەزیزی ڕێشاویی | ئەدەب، عەبدوڵڵا بەگ، قازی فەتاح، قزڵجی، وەفایی |
| ٧٠ | کەشکۆڵی شێخ ڕەزا | بانەیی |
| ٧١ | کەشکۆڵی سەیید محەممەد | وەفایی، ئەحمەدی کۆر |
| ٧٣ | کەشکۆڵی مەلا حەسەنی هیندیی | قزڵجی |
| ٧٥ | مینای شکستە ــ بەرگی سییەم | وەفایی، عیسامەددین (؟) |
| ٧٦ | ئەوراقی پەرێشان | ئەحمەدی کۆر، وەفایی، ئەدەب، عەلی بەگی سالار سەعید |
| ٨٠ | کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵڵای قزڵجی | مەلا مارفی کۆکە، ئەدەب |
| ٨٣ | کەشکۆڵی خالید پاشا | ئەحمەدی کۆر (؟) |
| ٩١ | کەشکۆڵی جەلی | وەفایی |
| ٩٤ | کەشکۆڵی محەممەد ساڵحی نۆتشی | میرەدێ یی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٨ | کەشکۆڵی نەقشیی | بانەیی |
| ١١٤ | کەشکۆڵی کوردیی سۆرانیی | ئەحمەدی کۆر، وەفایی، ئەدەب |
| ١١٥ | کەشکۆڵی خاکیی | ئەحمەدی کۆر، وەفایی |
| ١١٨ | کەشکۆڵی تەوفیق وەهبی | وەفایی |
| ١١٩ | کەشکۆڵی سەعیدی بێورەیی | بێورەیی |
| ١٢١ | کەشکۆڵی تۆفیق | وەفایی |
| ١٢٢ | کەشکۆڵی نەناسراو | وەفایی |
| ١٢٤ | کەشکۆڵی ئازاد | میرزا فەتاحی سابڵاغی |
| ١٢٨ | کەشکۆڵی محەممەد ساڵح (تیلەکۆیی) | ----- |
| ١٣٢ | کەشکۆڵی موستەزاد (بانەیی) | ----- |
| ١٣٣ | کەشکۆڵی کاکەحەمەی شێخ (مەلا محەممەدی ئیبنولحاجی بانەیی) | ----- |
| ١٥١ | کەشکۆڵی بانەیی (مامۆستا مەلا محەممەدی بانەیی) | ------ |
| ١٥٢ | کەشکۆڵی حاجی | مەلافەتاحی قازی بۆ سەدری ئەعزەم و وەڵامی ئەو |
| ١٥٤ | کەشکۆڵی وەفایی | وەفایی |

**تەواو**